www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 0:08 19-2-2007


## گەنجانی کورد لەنیوان چەوساندنەوەی خێڵ و دەسەڵاتی کوردیدا... پێشڕەو حەمید



گەنج لەکۆمەڵگای کوردیدا لەپێش دروست بونی ئەمارەتەکانی بابان و سۆرانەوە و لەویشەوە بۆ دامەزراندنی حکومەتی (شێخ مەحمود) و کۆماری (مهابات) لە چەند دەیەی ڕابردودا، تێڕوانینی کۆمەڵگا بۆ گەنج، تێڕوانینێکی جیاوازبوە لە تێڕوانینەکانی ئەمڕۆی سەردەمی حوکمی دیفاکتۆی دەسەڵاتی کوردی؟! لە پێشدا سەرۆک هۆزەکان و سەرۆکی ئامارەتەکان یان خکومەتەکانی کوردستان، (گەنج) یان وەك زەخیرەیەکی سەربازی بەکارهێناوەو هەمیشە هەوڵیان داوە گەنج لەپرۆسەی سیاسی و بەمەدەنی کردنی کۆمەڵگاکانی ئەو کاتەدا بەدوربگرن و تەنها وەك سەرمایەیەکی بەرگری و قوربانیدان لەگەنجان بروانن، ئەوەش بەومانیایەی کە کورد هەمیشە لەلایەن داگیرکەرانەوە هێرشی کراوەتەسەر و هیچ کات ئامادەنەبوە کەستراتیژی هێرشکردن بکاتەسەر هیچ داگیرکەرێك بەمەبەستی بەرگری کردن لەمانەوەی خۆیی؟! بەومانیایەی بۆبەربەرچدانەوەی هەرهێرش و دەست درێژی کردنێکی بی گانەوەو داگیرکەرانەدا، گەنجی وەك سەرمایەیەکی سەربازی بەکارهێناوەو هەمیشە گەنج یەکەم کەس بوە کەوەك (گوللە) یەك مامەڵەی لەگەڵدابکرێت و بۆمانەوەی نەتەوە بەداگیر کەرانەوە نرابێت، کۆشتارگای ئەوا یان قوربانی بیەکانی بەرگری کردن لە مانەوەی نەتەوەی کورد لەوکاتانەدا هەمیشە گەنجان بون.

لەسەردەمی ئەمرۆماندا بەتایبەت لە دوای ڕاپەڕینەوە گەنج لەلایەن حکومەتەوە یان دەسەڵاتی سیاسیی یەوە بۆ هەمان مەبەست بەکارهێنراون و بەکوشت دراون نمونەی هەرەزیندومان ئەو شەڕە بیمانایەی ناوخۆبوو کە بەهەزاران کەنجی کورد، یان لەناو چون، یان دەربەدەری وڵاتان بون و گەنجیان لەوکاتەداکردە بونەوەرێکی تێکشکاو خاوەن ئیرادەیەکی لاوازی نەویستراو، دەسەڵاتدارانی ئەمرۆی کوردی و ئەوسای شەڕی ناوخۆا لە دەیی ڕابردودا بۆ سەپاندنی هەیمەنەکانی خۆیان لە فۆرمەکانی سیاسی و ئابوری و سەربازیدا گەنجیان وەك وەسی لەیەك بەکارهێناوە بۆ قوربانیدان بۆسەرخستنی مەهامەکانی خۆیان کە زەرەرمەندی یەکەم تەنها خودی گەنج بو وەو سیاسی یەکان لەدوای هەرسەرکەوتن و هەرنشوستیی یەکیان جارێك نەگەڕاونەتەوە بۆ وەرگرتنی بیرو دیدەی گەنجەکان، ئەوگونجانەی کەهەمیشە لەلایەن خێزان و خێڵ و حیزبەوە وەك بونەوەرێکی شەرکەر تەماشاکراون و هەمیشە دەسەڵات سالاری هەیمەنەی خۆی واسەپاندوە کە گەنج نەتوانێت لەئاست هیچ شتێکدا ڕەئی خۆی هەبێت و هەرگەنجێکی (شازیش) ویستبێتی لەبری ڕەزامەندی (نەْ) یَك بلێت، ئەوا لە سونەتی یان پەیڕەوی ئەو چەند پێکهاتەی جیاوازەی کۆمەڵگادا بەیاخی و نابەرپرس ئەژمارکراوە.

لەدوای شەڕێ ناوخۆ و بەگابونەوەی گەنجان لە سیاسەت و شارەزابونەوەیان لەمێژوی پڕ لەشانازی حیزبەکان و شکستی حیزبەکان، سیاسی یەکان یان ناوەندەکانی بریاردەر لەچارەنوسی کۆمەڵگا، یەکەم کاریان بەراوێز خستنی ئەوبونەوەرە سەرکێشەبوو کەناوی (گەنج) ە؟! بەبی ئەوەی دەسەڵاتی کوردی کاربۆ سارێژکردنی برینە سەختەکانی گەنجان بکات و ئەوتەمە پرلە ناسۆرەی گەنجان بەئامێزکردنەوەیەکی ڕەوینەوە بکاتەوە و گەنجان لە مۆتەکەی پڕلەئازاری شەڕی ناوخۆو شەڕەکانی قڕکردنی گەلی کورد ڕزگاربکات، دەسەڵاتی سیاسی هەوڵی پەراوێزخستنی گەنجانی دا؟! چونکە ئەودەسەڵاتە سیاسی یەی ئەمڕۆ لەوە تێدەگات کە لەدەرەوەی ئەم پانتایە پڕلە بی ئومیدەی خۆیەوە


ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دونیایەکی تر هەیە و پڕە لەخۆشنودی بۆ بەشەریەت و گەنجانیش درکیان بەو پانتایە جیاوازەوەکردو وەو دەیانەوێت فەزاکەیان هەمان ئەو فەزایەبێت کە تموحەڕۆحی و مەعنەویی یەکانی خۆیان دەیخوازێت و دەسەڵاتەکایان هەمان ئەو دەسەڵاتە لیبراڵانەبێت کە لەدەرەوەی جیهانی سێهەمی دواکەوتودا دروستی کردوە بۆ مرۆڤەکانی ناو خۆیی و ڕێز لە ئیرادەی گەنجان دەگرێت؟!چونکە دەسەڵاتی کوردی دەزانێت گەنج بونەوەرێکی تموحی یەوەو تا ژیانی ئاسو دەترو خۆشتربیت زیاتر داوادەکات و ترسی گەورەی دەسەڵاتیش لەو مرۆڤ گەلەی کەناوی گەنجە لەوەدایە بەشداری بڕیاردان بکات و سیاسەتی وڵات بکەوێتە دەستیان و دەستکاری پیرۆزی یەکانی دەسەڵات بکات، کە لەڕەوانگەی دەسەڵاتەوە هەموو حەرامێك پیرۆزەو هەموو پیرۆزیی یەکی سەردەمیانەش حەرامە، بەومانیایەی گەنج دەیەوێت پیرۆزکردن لە ناپیرۆزی یەکان وەربگرێتەوەو پیرۆزی بداتەوە بەو شتانەی کە دەسەڵات لەگەنجی خەرام کردوە، بەم خوێندنەوەکورتە، بۆمان دەردەکەوێت کە لەهەمو سەردەمەکانی حکوم ڕانی خۆبەخۆیی کورد دا گەنج زەرەرمەندی یەکەم بو وەو بۆ تەنها ساتێك زەمینە سازی بۆ نەکراوە وەك بونەوەرگەلێکی هەستیاری کۆمەڵگا تەعبیر لە خۆیان بکەن و بڕیاری چۆنێتی هەڵبژاردنی ژیانیان خۆیان بیدەن و لە کۆیلەیەتی نێو بیرکردنەوەکانی (دیوەخان) و کۆبونەوە بی تامەکانی حیزبی کوردی ڕزگاریان ببێت.

سەرەڕای چەوساندنەوەو پەراوێز خستنی گەنجی کورد لە ناوەندەکانی بڕیاردان و بەشداری پی نەکردنیان لە دەسەڵاتدا، ئەمڕۆ گەنجی کورد بە ناڕەزایەتیە بەردەوامەکانی و بەدەنگ هەڵبڕینیان دز بە سیاسەتی پەراوێزخستن و کەپتکردنی گەنجان، ترسێکی گەورەیان خستو وەتە نێو هەناوی دەسەڵات، ئەو دەسەڵاتەی کە هەمیشە ئیش لەسەر کوشتنی تموحەکانی گەنجی کورد دەکات، وەك دەبینرێ ئاسۆی گەنجان جوانتر وەدەردەکەوێت و ئیرادەی دەسەڵاتیش لەبەرامبەر تورڕبونە جوانەکانی گەنجاندا لاوازتر دەبێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.